

# دوو مەیموون «ئونکی و جەنگڵ»

## چیرۆك بۆ منداڵان

نووسین و وەرگێڕانی:
نەرمین عوسمان

2021

# دوو مەیموون «ئونکی و جەنگڵ»
## چیرۆك بۆ منداڵان

نووسین و وەرگێڕانی: نەرمین عوسمان
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢١
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (       )ی ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە



# دوو مەیموون «ئونکی و جەنگڵ»

## چیرۆك بۆ منداڵان

نووسین و وەرگێڕانی:
نەرمین عوسمان

2021

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

## ئینستتیوتی نارین

ئینستتیوتێکی کوردستانی، توێژینەوەیی قازانج نەویستە. کاری سەرەکیی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان و سازکردنی کۆڕ و سمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

# پێڕست


پێشەکی........................................................9
کیسەڵێکی نارازی................................................13
سێ مشکە بچووکەکە.............................................17
مێروولە دڵباشەکە................................................19
بۆقێکی دڵڕەق....................................................21
کەروێشکێکی توورە..............................................23
مەڕۆکە و بزنۆکە................................................27
ئێلمەر ، فیلە رەنگاورەنگەکە....................................29
گردی سێ ساڵی...................................................31
لووتێکی بچووک و دەمێکی گەورە..............................33
پێلاو فرۆشێک....................................................35
دۆستانی ژینگە...................................................37

کێ یارای خۆشناوێ؟.......................................... 41
نەخۆشکەوتنی یارای ئاسک................................ 45
دوو مەیموون (ئونکی و جەنگڵ)............................ 49
پەند لە پیرەپیاوێک........................................ 53
چۆلەکە و قەلەڕەش........................................ 55
چۆلەکە و قەلەباچکە........................................ 57
سەگێکی چاوبرسی.......................................... 59



# پێشەکی

گرنگیدان بە پەروەردەی منداڵان، کاریگەتریش لەوە دەستگیرۆییان بۆ فێربوون و دەستکردن بە خوێندنەوە گرنگییەکی زۆری بۆ داهاتوویان هەیە، دەبێتە سەرەتایەک بۆ دروستبوونی کەسێتییان و ئەوەش بۆ کۆمەڵگە گرنگترین کارە کە بکرێت.

بەداخەوە لەو رووەوە هەوڵی زۆرنین، لێرەولەوێ کاری باش دەکرێت، بەڵام بەپێی بەرنامەیەک نییە، بگرە هەوڵی پچڕپچڕن و ناچنە چوارچێوەی پرۆژەی جدییەوە کە سوودەکەی لەسەر بنەمای نزیک مەودا و دوور مەوداکانی بنیاتنرابێت.





ئەم کۆمەڵە چیرۆکە "بەشێکیانم نووسیون و بەشێکیشیان لە زمانی دیکەوە وەرمگێڕوان"، هەوڵێکی باشن بۆ ئەوەی چاوەڕێی ئەوەیان لێبکەم سوودی باش بە منداڵانی کوردستان بگەیەنن، لەمەیاندا بەشێکیشی دەوەستێتە سەر ئەوەی تاچەند دایبابەکان هاوکاریی منداڵەکانیان دەبن بۆ ئەوەی بەباشی بیخوێننەوە و سوودی لێ ببینن.

بەهیوای پێکەوە و بەپێی بەرنامەیەک وردە وردە گرنگی زیاتر بە پەروەردەی منداڵان بدرێت، تا هەوڵەکان جدی و پێکەوەیی بن سوودی زیاتریان بۆ منداڵەکانمان دەبێت و داهاتووی کۆمەڵگەکەشمان دەبێت.





دەمەوێ ئەو داوایەتش لە منداڵە چاوگەشەکان بکەم کەوا بەوردی ئەم چیرۆکانە بخوێننەوە، یان کە دایبابەکانیان دەیخوێننەوە بەباشی گوێیان لێبگرن، دوای خوێندنەوەشی لە کتێبخانە بچکۆلەکانیاندا بیپارێزن و کارێکی باشیش دەکەن ئەگەر بیدەنە منداڵەکانی هاوڕێیان؛ ئەوانەی ئەم کتێبە ناگاتە دەستیان، بۆ ئەوەی ئەوانیش بیخوێننەوە و سوودی لێ ببینن.

ئەم کتێبە بەشێکە لە گرنگی و خۆشەویستیم بۆ منداڵەکانی کوردستان و پێیان دەڵێم "خوشمدەوێن".

نەرمین عوسمان ٢٠٢١/٤/٢٦





# کیسەڵێکی ناڕازی

کیسەڵێکی پشت ڕەق، لە دارستانێکدا دەژیا، هەموو پێداویستییەکانی ژیانی هەبوو؛ جێگایەکی خۆش بۆ دانیشتن و خەوتن، سێوی ئاودار بۆ خواردن، ئاوی شیرین بۆ خواردنەوە.


ڕەقەی پشتی وەک ئاوێنە دەدرەوشایەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا دڵخۆش نەبوو.

ڕۆژێ لە ڕۆژان، بازێکی بینی لە ئاسمان بە نزمی دەفڕی، پەڕەکانی ڕەنگ ئاڵتوونی و باڵەکانی زۆر گەورە بوون. کیسەڵەکە خۆزگەی دەخواست وەک ئەو بیتوانیایە





بفڕێ، چووە سەر بەردێک و بازێکی گەورەی دا، بەسەر سکدا کەوتە خوارەوە تەپەی لێوەهات. پاشان چووە سەر دارێک و خۆی فڕێدا، بەڵکوو بفڕێ، دیسان کەوتە خوارەوە بۆ ناو ئاوێکی مەنگ و شڵپەی لێوەهات. سەیری کرد خۆی ناتوانێ بفڕێ، داوای لە بازەکە کرد وتی: «بازەکە، دەتوانی بمبەی بۆ ئاسمان، دەمەوێ لە بەرزاییەوە زەوی ببینم و وەک تۆ وابم.» بازەکە وتی: «باشە، بەڵام لە بەرانبەردا چیم دەدەیتێ؟» کیسەڵەکە وتی: «جێگاکەم و سێوەکەم»، ڕێککەوتن و بازەکە بە چنگە تیژەکانی کیسەڵەکەی گرت و بەرز بەرز فڕی بەناو هەوری سپیی وەک لۆکە، دوایی بەرەو ئاسمانی شینی وەک ئاوێنە ساف و پاک. ناوبەناو بازەکە دەیوت: «مەجووڵێ، باش خۆت بگرە با نەکەویت، دەنا هەپرون بە هەپرون دەبیت.» لە زەوی زۆر دوورکەوتنەوە، کیسەڵەکە بە







سەیرکردنی خوارەوە گێژ دەبوو و بەلاشییەوە خۆش نەبوو، داوای لە بازەکە کرد بیگەڕێنێتەوە سەر زەوی و شوێنەکەی خۆی. بازەکە داوای کیسـەڵەکەی جێبەجێکرد و گەڕانەوە و لە شوێنەکەی خۆی داینایەوە و پێی وت: «کیسـەڵە پشت رەقەکە، نە تۆ باڵ و پەڕت هەیە بۆ فڕین، نە منیش دەتوانم تەنها لەسـەر زەوی بم و بژیم، هەریەکەمـان بە جۆرێک ژیان دەکەین، جێگاکە و سـێوەکەش بۆ خۆت.» خواحافیزی لێکرد و فڕی و دوورکەوتەوە.




کیسـەڵەکە لەسـەر جێگاکەی خـۆی پاڵکەوت و کەوتە سێوخواردن و دڵخۆشبوو بەو ژیانەی هەیەتـی، جارێکـی تر بیری لـە فڕین نەکردەوە و شـوێنەکەی خۆی جوانتر و جوانتر کرد.




HO, HO
HO!

# سێ مشکە بچووکەکە

هەبوو نەبوو، سێ مشکی بچووک هەبوو، لە کێڵگەیەکی چاندنی گەنمەشامی بەیەکەوە دەژیان. بەیانیان کاتێ لە خەو هەڵدەستان و لە کونە مشکەکەی خۆیان دەهاتنە دەرەوە، دەکەوتنە یاری و راکەڕاک. لە کاتی پشووشدا گەنمەشامییان دەخوارد، کە وەرزی چنینەوەی گەنمەشامی تەواو بوو، جووتیارەکان زەوییەکەیان کێڵا و خۆراک بۆ مشکەکان نەما.



دوای چەند رۆژێک، برسیەتیی تەنگی پێ هەڵچنین و کەوتنە گەڕان بەدوای خواردن.

دوای گەڕانێکی زۆر، گۆزەیەکیان دۆزییەوە، لە بنی گۆزەکەدا هەندێ هەنگوینی تێدا بوو، سەیریان





کرد ناتوانن بگەنە هەنگوینەکە و بیخۆن. پاشان بیرۆکەیەکی ژیرانەیان بۆ هات، وتیان «با کلکی یەک بگرین و یەک لە دوای یەک خۆمان بۆ لای هەنگوینەکە شۆڕ بکەینەوە». ئەمەیان جێبەجێ کرد؛ مشکی یەکەم گەیشتە هەنگوینەکە و کەوتە خواردنی، لە دڵی خۆیدا وتی «ئەم هەنگوینە بەشی هەمووان ناکات، با من تێری لێ بخۆم». مشکی دووەمیش بیری لەوە دەکردەوە مشکی یەکەم هەموو هەنگوینەکە دەخوات و بەشی ئەو نامێنێ. مشکی سێیەمیش بەهەمان شێوە، دەیوت «هەردووکیان دەیخۆن و بەشی من نامێنێ». لەتاو خواردنی هەنگوین، کلکی یەکیان بەردا و هەرسێکیان کەوتنە ناو هەنگوینەکەوە و چەقین و نەیانتوانی دەرباز بن و مردن.

ئەم چیرۆکە، پەندە بۆ کەسی چاوچنۆک، کە تەنها بیر لە خۆی دەکاتەوە.






# مێروولە دڵباشەکە

هەبوو نەبوو، مێروولەیەکی رەشـــی بچووک هەبوو، کاتێ بوو بە دایک، میهرەبان و دڵســـۆز بوو بۆ بێچووەکانی، شوێنی بۆ خۆش دەکـــردن و خۆراکی بۆ کۆدەکردنەوە بۆ ئەوەی لە وەرزی زســـتان پێویستیان بە چوونە دەرەوە نەبێ.

زستان هات و سەرما دەستیپێکرد، ئەو ساڵە بەفر و باران زۆر دەباری.

رۆژێکیان زۆر ســـەختبوو؛ بوو بە زریان و رەشەبایەکی بەهێزیش هەڵی کرد، ئاو بە خوڕ بەســـەر زەویدا دەڕۆیشت و هەموو شتێکی رادەماڵی، بەزەیی بە مێروولە دایکەکەشدا نەهاتەوە و هەموو ئەو خۆراکەی کۆیکردبووەوە، بردی. دایکەکە لەتاو بێچووەکانی، نەیتوانی رێگە لە راماڵینی خواردنەکان بگرێت.







رۆژی دواتر ، سەیری کرد بێچووەکانی برسییانە، بۆیە پەنای بردە بەر مێروولەیەکی دراوسێیان کە لە بارانەکە دەربازبووبوو، داوای خواردنی لێکرد، هەرچەندە خواردنی هەبوو، بەڵام وتی «نیمانە».


دایکی داماو، نەیدەزانی چی بکات. خوای من و تۆ و مێروولەکان کردی بەفر و باران وەستایەوە. مێروولەکە خێرا چووە دەرەوە و خواردنەکانی کۆکردەوە و هێنایەوە بۆ بێچووەکانی.

دوای چەند رۆژێک ، دراوسێکەیان هات و داوای خواردنی لێکرد، ئەو دایکە دڵباشە، گوێی نەدایە رەفتارە خراپەکەی ئەو مێروولەیە و هەندێ خواردنی دا پێیان ، دراوسێکە شەرم دایگرت و پەشیمانبووەوە.

# بۆقێکی دڵڕەق

مشـــکێکی بچووکی ناو کێڵگە، دەهاتە ڕۆخی ئاوێکی مەنگ، لەوێ چەنـــد بۆقێکی دەبینی، خۆیان فڕێ دەدایە نـــاو ئاوەکە و خۆیان نقوم دەکـــرد و دوای ماوەیەک مانەوە لەژێر ئاوەکەدا، ســـەریان دەردەهێنایەوە و بە قیڕەقیڕ ئەو ناوەیان پڕ دەکرد.

مشکەکە، بە باشـــیی مەلەی نەدەزانی و خۆزگەی دەخواست وەک ئەوان بچێتە ژێر ئاوەکە و ناو ئاوەکە ببینێ. یەکێ لە بۆقەکان دڵڕەق و بێبەزەیی بوو، گاڵتەی بـــە هەموو







بوونەوەرێک دەکرد. بە مشکەکەی وت: «وەرە بە قاچی خۆمەوە دەتبەستمەوە و دەتبەمە ناو ئاوەکە». ئەویش بەگوێی کرد.

بۆقەکە خۆی فڕێدایە ناو ئاوەکە و چووە قووڵایی و تا ماوەیەکی زۆر نەهاتە دەرەوە، مشکەکە هەناسەی بۆ نەدەدرا و خنکا، بە مردوویی سەر ئاوەکە کەوت.

لەو کاتەدا هەڵۆیەک بەئاسمانەوە دەفڕی، مشکە مردووەکەی بینی، هێرشی بۆ هێنا و پەلاماری مشکەکەی دا بۆ ئەوەی بیخوات، هێشتا بۆقەکە فریا نەکەوتبوو مشکەکە لە قاچی خۆی بکاتەوە، بۆیە ئەویشی لەگەڵ مشکەکە راکێشا و بردنی و هەردووکیانی خوارد.

ئەم چیرۆکە، ئەوەمان بۆ دەردەخات؛ هەر کەسێک چاڵ بۆ کەسێکی تر هەڵبکەنێ، خۆشی تێی دەکەوێ.



# کەروێشکێکی تووڕە

(لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە)



دەگێڕنەوە؛ کەروێشکێک و بێچووەکەی، لە دارستانێکی دوور، لە خانوویەکی بچووکی جواندا بەیەکەوە دەژیان، دایکەکە زۆر ئاگای لە بێچووەکەی دەبوو، خواردنی خۆشی لە کاهوو و گێزەر بۆ ئامادە دەکرد، شەوانیش تا خەوی لێدەکەوت، چیرۆکی بۆ دەگێڕایەوە. بێچووەکە، هەستی بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکرد.





دوای ماوەیەک، بێچووەکە گەورە بوو، هەستی بە بێزاریی دەکرد و بیانووی بە دایکی دەگرت و دەیوت: «بێزاربووم لە خواردنی کاهوو و گێزەر، هیچی تر نییە بمدەیتێ؟»، دایکی وتی «هەر ئەو جۆرە خواردنانە بۆ ئێمە دەبێ»، ئەویش تووڕە بوو و ماڵەوەی بەجێهێشت و ڕۆیشت.

لە ڕێگە پشیلەیەکی بینی، پێی وت «خواردنت هەیە بمدەیتێ بیخۆم؟»، پشیلەکە وتی «وەرە لەگەڵم، ماسییەکی خۆشم هەیە.» بەیەکەوە ڕۆیشتن، کەرویشکەکە سەیری کرد ناتوانێ ماسی بخوات و حەزی لێ نەکرد، پشیلەکەی بەجێهێشت.

ئەم جارە سەگێکی بینی و هەمان پرسیاری لێکرد؛ سەگەکە وتی «ئێسقانی خۆشم هەیە، وەرە بیخۆ!» سەیری کرد ناتوانێ ئێسقانیش بخوات.



ئیتر برسیەتیی تەنگی پێ هەڵچنی و بێهێز لە شوێنێکدا پاڵکەوت. فیلێکی دانا، چاوی بە کەروێشـــکەکە کەوت بە بێهێزیی کەوتووە، تێگەیشت برســـیەتی. بردیەوە بۆ لای خۆی و گێزەر و کاهووی بۆ هێنا، خواردی و هێزی هاتەوەبەر. دوای ئەوە هەڵیگرت و بردیەوە بۆ لای دایکی.

کەروێشـــکەکە پەشـــیمانبووەوە و تێگەیشت لە سروشـــتدا بوونەوەری جیـــاواز زۆرن و هەر بوونەوەرێکیـــش بەپێـــی تایبەتمەندیی خۆی دەژی و دەخوات.








# مەڕۆکە و بزنۆکە

هەبوو نەبوو، مەڕۆکەیەک و بزنۆکەیەک هەبوون. بزنەکە، گورجوگۆڵ و ئیشکەر بوو؛ لە وەرزی پایز کەوتە دروستکردنی ماڵۆچکەیەک بۆ ئەوەی لە وەرزی زستاندا تیایدا بحەوێتەوە. مەڕۆکەکەش هیچی نەکرد، بزنەکە لێی پرسی بۆ خانوو دروست ناکەی بۆ زستان؟ ئەویش وتی «دونگ و خوریی خۆم خۆشبن، گەرمم دەکەنەوە و پێویستم بە خانوو نییە».





**زستان هات و سەرما و بەستەڵەک دەستیپێکرد؛ بزنەکە لە خانووەکەی خۆی دەژیا و سەرمای نەدەبوو ، مەڕەکەش لە دەرەوە لە سەرما هەڵدەلەرزی. شەوێکی زۆر سارد لە دەرەوە خەوتبوو ، سەرماکە ئەوەندە سەخت بوو ، مەڕەکە لە سەرما ڕەقبووەوە و مرد.**


ئەم چیرۆکە، پەندێکە بۆ ئەوەی؛ نابێ لە خۆمان باییبین بەوەی کە هەمانە.

# ئێڵمەر، فیلە ڕەنگاوڕەنگەکە

(لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە)

کۆمەڵێک فیل؛ لاواز، قەڵەو، گەورە و بچووک لەناو دارستانێکدا بەیەکەوە دەژیان. ڕەنگیان بۆر بوو، تەنها یەکێکیان نەبێ ڕەنگی پێستی ڕەنگاوڕەنگ بوو، ناوی ئێڵمەر بوو. هەموو ئاژەڵەکان دەیانناسییەوە، قسەخۆش و خۆشەویست بوو، بەڵام ئێڵمەر خۆی بە جیاواز دەبینی و ئارەزووی بوو وەک ئەوان بۆر بوایە، لەبەر ئەوە بڕیاریدا ڕەو بکات و جێیانبهێڵێ.







رۆیشت، لە رێگە هەرچی ئاژەڵی ناو دارستانەکە هەبوون لە مەیمون و زەڕافە و پڵنگ و شێر، سڵاو و ئەحواڵپرسییان لێدەکرد و دەیانناسی.

دوای ماوەیەک، هەندێ دەوەنی بینی، کە تووی کێوییان پێوەبوو، خۆی لەناویاندا دەگلاند تا هەموو رەنگەکانی نەما و بۆر بوو، ئیتر گەڕایەوە بۆ لای فیلەکان. ئەم جارە، هیچ ئاژەڵێک لەوانەی پێشوو نەیانناسییەوە، تەنانەت فیلەکانی هاوڕێشی، کە کەوتە قسە ئینجا زانییان ئەوە ئێلمەرە. دڵیان خۆشبوو کە گەڕاوەتەوە لایان، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو بارانێکی بەخوڕ باری و لەشی ئێلمەری شۆردەوە و رەنگەکانی دەرکەوتنەوە.

فیلەکانی تر بڕیاریاندا هەر بۆ خۆشی، هەموو ساڵێک ئاهەنگی رەنگ بکەن، هەموویان خۆیان بە رەنگی جیاواز رەنگ دەکرد تەنها ئێلمەر نەبێ وەک خۆی بوو، ئیتر بەخۆشیی بەیەکەوە دەژیان.



# گردی سێ ساڵی

**لە کولتووری کۆرییەوە وەرگیراوە**

رۆژێ لە رۆژان، لە نزیک گوندێکی بچووک، گردۆڵکەیەک هەبوو ناوی سێ ساڵ بوو، بۆیە ناویاننابوو سێ ساڵ، چونکە هەر کەسێ لەسەر ئەو گردە بکەوتایە، دوای ئەو کەوتنە؛ تەنها سێ ساڵ دەژیا.


جارێکیان پیاوێک لە نزیک گردەکە کەروێشکێکی بینی، رای کرد بەدوایدا بیگرێ و لەسەر گردەکە کەوت، دوای ئەوە ئەو پیاوە نەخۆشکەوت و خەفەتی دەخوارد کە تەنها سێ ساڵی ماوە لە ژیاندا.





رۆژێک منداڵێکی بچووک چاوی بەو پیاوە کەوت و پێی وت «غەمبار مەبە، ئەگەر دوو جار بکەوی ئەوا شەش ساڵ دوای ئەوە دەژی». پیاوەکە چووەوە سەر گردەکە و بەهۆی بێهێزییەوە چەند جارێک کەوت، بەڵام گوێی نەدایە و تووشی دڵەڕاوکێ نەبوو، دوای ئەوە پیاوەکە چاکبووەوە و بەخۆشیی ژیا.


ئەم چیرۆکە، پێمان دەڵێ: کاتێ هەڵەیەکمان کرد، پێویست ناکات بۆ هەتایە غەمبار بین، دەتوانین وانەی لێ وەربگرین.



# لووتێکی بچووك و دەمێکی گەورە

**لە کولتووری کۆرییەوە وەرگیراوە**

هەبوو نەبوو، ژن و مێردێک هەبوون کێشە لە رووخسارياندا هەبوو، پیاوەکە لووتێکی زۆر بچووکی هەبوو، ژنەکەش دەمێکی زۆر گەورە.



جارێکیان دراوسێیەکیان بۆ نانخواردن بانگهێشتی کردن، ئەو ژن و مێردە دەترسان بچن و ببنە مایەی گاڵتەی دراوسێکەیان، بۆیە پیاوەکە لوتێکی لە



مۆم بۆ خۆی دروســـتکرد و ژنەکەش هەردوولای دەمی دوورییەوە و چوون بۆ ماڵی دراوسێیەکەیان. ماڵی دراوسێیەکەیان لە نزیک کورەی ئاگر دایاننیشاندن، پاش ماوەیەک، بە گەرمیی ئاگرەکە، لووتی پیاوەکە توایەوە و هاتە خوارەوە، ژنەکەش زۆر پێکەنینی دەهات و دوورینەوەکەی دەمی هەڵوەشایەوە. ماڵە دراوسێکەیان وتیان «شـــەرم مەکەن، لای ئێمە شێوە گرنگ نییە، بەڵکو ئێوە ناختان جوانە و ماڵێکی زۆر باشن» .لەو رۆژەوە ئەو ژن و مێردە شەرمیان لە شێوەی خۆیان نەما.



# پێڵاو فرۆشێك

لە کولتووری چینییەوە وەرگیراوە



رۆژێ لە رۆژان، پێڵاوفرۆشێک بە یەکێ لە شاگردەکانی وت «برۆ سەردانی شارەکانی دراوسێمان بکە، بزانە ئەگەری ئەوە هەیە کارگەیەکی پێڵاو لەو شارانە دروست بکەین».

شاگردەکەی رۆیشت سەردانی چەند شارێکی کرد و دوای



ماوەیەک گەڕایەوە، بە وەستاکەی وت «ئەو شارانەی سەردانم خەڵکەکەی پێڵاو لە پێ ناکەن، بۆیە پێویست ناکات کارگە تیایاندا دابنێین».

پاش ماوەیەک، پێڵاوفرۆشەکە شاگردێکی تری نارد بۆ هەمان مەبەست، ئەو شاگردەش گەڕا بەسەر هەندێک لە شارەکانی دراوسێدا و دوای دوو هەفتە گەڕایەوە، بە وەستاکەی وت «ئەو شارانەی سەردانم کردن کەسیان پێڵاو لە پێ ناکەن، بۆیە دەتوانین لەو شوێنانە پێڵاوی زۆر بفرۆشین و هەلێکی زۆر باشە».

پەند لەم چیرۆکە:

تێڕوانینمان بۆ ڕووداو و شتەکان جیاوازە لە یەکتری، ئەو جیاوازییەش گرنگترین هەنگاوە بۆ دەستپێکی گۆڕانکاری.



# دۆستانی ژینگە

لە ڕۆژێکی خۆشی بەهاردا، سێ هاوڕێی وەک گوڵ جوان، کە ناویان (دیە، هێلین، ســارا) بوو، لەگەڵ خوێندکارەکانی خوێندنگەکەیان چوون بۆ گەشتێکی سەر شاخ.

هەر کە گەیشتن، ئەو ســێ هاوڕێیە بە ڕاکردن ڕۆیشتن بۆ ناو



سەوزایی و گژوگیا کە بە گوڵی جوانی جۆراوجۆر رازابووەوە. ئەو هاوڕێیانە ویستیان چەپکێک گوڵی ڕەنگاوڕەنگ بچننەوە و پێشکەشی مامۆستاکەیانی بکەن. یەک دوو گوڵیان لێکردەوە، لە دوورەوە (لارا)ی دۆستی ژینگە بینینی و هاواری کرد ئەوە چی دەکەن، بۆ گوڵ لێدەکەنەوە؟ ڕۆیشت بۆ لایان، ئەوانیش پرسییان: بۆ نابێ گوڵ لێبکەینەوە!؟ ئەی ئەوە نییە لە دوکانی گوڵفرۆشەکان بە چەپک گوڵ دەفرۆشن و کەس ناڵێ نابێ.

لارا خان، کە دۆستی ژینگە بوو و زانیاریی باشی لەسەر پارێزگاریکردن لە ژینگە هەبوو، وتی «بەڵێ، لە دوکانی گوڵفرۆش، گوڵ دەفرۆشن، بەڵام جیاوازە لەگەڵ گوڵی سروشت، ئەو گوڵانەی





له سروشت دەیانبینن خۆیان پارێزگاریی له مانەوەی تۆوەکانیان دەکەن؛ ئەها ببینن چۆن دەور دراون به دڕک و ددان و تووک، ئەگەر لێیان بکەینەوە، تۆوەکان کەم دەکەن و وردە وردە گوڵەکان نامێنن.

ئەوەی له دوکانی گوڵ دەفرۆشرێن، مرۆڤ تۆوەکانیان کۆدەکەنەوە و له شوێنی تایبەت دەیانچێنن و له لەناوچوون دەیانپارێزن».

ئەوانیش پێیان وت: «بەڵێ لارا خان، تێگەیشـــتین و ئیتر ئێمەش دەبین به دۆستی ژینگە و ژینگە دەپارێزین».



# کێ یارای خۆشناوێ!؟

هەبوو نەبوو، ئاسکێکی جوان و میهرەبان هەبوو، ناوی یارا بوو. رۆژێکیان یارا لەناو سەوزاییەکی چڕ بە دڵخۆشییەوە راکەڕاک و یاریی دەکرد، دوای یاریی؛ ویستی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، لە رێگە کچێکی بچووکی بینی بەناوی لیا، بەتەنها دەگریا. یارا چووە پێشەوە لێی و پرسی: کچە بچکۆلەکە بۆ دەگری؟ لیا وتی «هاوڕێم نییە یاریی لەگەڵدا بکەم». یارا






وتی «وەرە ببە بە هاوڕێم و یاریت لەگەڵدا دەکەم». لیا بەمە زۆر دڵخۆش بوو.

لە کاتی یاریکردنیان، کیسەڵێکی بەتەمەنی ماتیان بینی، یارا لێی پرسی: کیسەڵەکە بۆ وا مات و زیزی؟ کیسەڵەکە لە وەڵامدا وتی «کانیاوەکە زۆر دوورە لێمەوە و منیش زۆر لەسەرخۆ ڕێ دەکەم، تا دەگەمە کانیاوەکە خۆر ئاوا دەبێ». یارا وتی «هەر ئێستا من دەچم ئاوت بۆ دەهێنم و لەمەودواش هەموو بەیانییەک ئاوت بۆ دەهێنم، چونکە من دەتوانم خێرا بڕۆم». کیسەڵەکە زۆر سوپاسگوزار و دڵخۆش بوو.


دوای تۆزێکی تر لە یاریی، هەندێ مەیمونیان بینی، بچووکەکان دەگریان و گەورەکان لێیاندەدان. یارا چوو بۆ لایان، هێوری





کردنەوە و دانیشت لایانەوە و کەوتە گێڕانەوەی چیرۆک بۆیان.
وردە وردە ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشـــت، یارا بە لیای وت «با بتبەمـــەوە بۆ ماڵەوە». لیـــا وتی «زۆر خۆش بـــوو، یەکێک لە ڕۆژە خۆشەکانم بوو». یارا پرســـییەوە: کام شتەت لە هەموویان پێ خۆشـــتر بوو؟ لیا لە وەڵامدا وتـــی «گێڕانەوەی چیرۆکەکان بۆ مەیمونەکان». ئیتر گەیشتنەوە ماڵی لیا و خواحافیزییان لە یەک کرد.

لیا، ئەو شەوە زۆر بە ئارامی و زوو خەوی لێکەوت.




I GOOD!
Helen

# نەخۆشکەوتنی یارای ئاسك

یارا، رۆژانە ئەرکەکانی بەرانبەر بــە هاوڕێکانی جێبەجێ دەکرد؛ یاریی لەگەڵ لیا دەکرد، ئاوی دەهێنا بۆ کیسەڵەکە و چیرۆکی بۆ مەیمونــەکان دەگێڕایەوە.



بەیانییەکیان یارا ویستی لەناو جێگە بێتە دەرەوە، بەڵام نەیتوانی، هەســتی بــە بێهێزیــی دەکــرد و تەندروستیی باش نەبوو،



لەناو جێگە مایەوە و نەچووە دەرەوە.


ئـــەو ڕۆژە لیا چاوەڕێ بوو یــــارا بێت و یاریـــی لەگەڵدا بکات، کیســـەڵەکە چاوەڕێی ئاو بوو، مەیمونـــەکان بیری چیرۆکەکانیان دەکرد، هەموویـــان دڵیان تەنگ بوو. کیســـەڵەکە و مەیمونەکان وتیان «ڕەنگە یارا لێمان بێزار بووبێ، یان ئێمەی بیرنەمابێ».

بـــۆ ڕۆژی دواتر، لیـــا وتی «دەبێ شـــتێ ڕوویدابێ، با من بچم هەواڵی یارا بپرســـم». ڕۆیشـــت بۆ لای یارا، بینی نەخۆشـــە و لەنـــاو جێگەدایە. یارا بە بینینی لیا دڵخۆش بوو و داوای لێکرد بچێت ئاو بۆ کیسەڵەکە ببات، داوای لێبووردنیش لە مەیمونەکان بکات کـــە نەیتوانیوە بچێ بۆ لایان. لیـــا داواکارییەکانی یارای





ئەنجامــدا و کیســەڵ و مەیمونەکانیش زانییان یارا نەخۆشــە و ئەوانــی بیرنەچووەتەوە. کیســەڵەکە چــوو هەندێ رووەکی سروشــتیی کۆکردەوە، کە وەک دەرمان بۆ نەخۆشــیی بەسوود بوون. مەیمونەکان خواردنیان بۆ یارا دروســتکرد و لیاش ئاوی بۆ کیســەڵەکە و یاراش دەهێنا. یارای ئاســک زۆر دڵخۆش بوو بە دڵســۆزیی هاوڕێکانی، زۆر سوپاسی کردن، ئەوانیش وتیان «سوپاســی ناوێ، تۆ فێری چاکەت کردووین و هەمووی چاکەی خۆتە دێتەوە رێگەت».







# دوو مەیموون (ئونکی و جەنگڵ)

**لە زاری هێلین و ساراوە**


ڕۆژێ لە ڕۆژان، دوو کچی ژیر و جوان، لە نزیک دارستانێک دەژیان. ڕۆژانە دەچوونە ناو دارستانەکە دەگەڕان، کە دەیان جۆر ئاژەڵی لێ دەژیا. هەردووکیان سەرسام بوون بە ژیانی مەیموونەکان، دوو دەست و کلکێکی درێژیان هەبوو، یارمەتیی دەدان بۆ سەرکەوتن و بازدان لەسەر دارەکان، هەندێک جاریش وەک مرۆڤ لەسەر دوو قاچ دەڕۆیشتن، زۆر زیرەک بوون.





هێلین و سارا، لەناویاندا دوو مەیموونیان دەستنیشان کردبوو، ناویان نابوون: ئونکی و جەنگڵ. لەنێوان دارمۆزەکان بازیان دەدا و مۆزیان دەخوارد و توێکڵەکانیان بە یەکدا دەدا.

رۆژێکیان داربڕێک هاتە دارستانەکە و ویستی دارەکان ببڕێ، یەکەم دار، ویستی ئەو دارە ببڕێ کە جەنگڵی لەسەر دانیشتبوو. هێلین ویستی رێگەی لێ بگرێ و نەهێڵێ، بەڵام داربڕەکە بەقسەی نەکرد. ئونکی (مەیموونەکەی سارا) لەسەر دارەکەی بەرانبەری بوو، ئەمەی بینی و شێت بوو، بە قیژە قیژ و دەنگە دەنگ پەلاماری سەر و پۆتەڵاکی پیاوەکەی دا، بە چەپۆک کەوتە سەری. داربڕەکە،





هەوڵی دەدا مەیموونەکە وازی لێ بهێنێ. مەیموونەکە، ئەم جارەیان پەلاماری ملی داربڕەکەی دا و گەستی. پیاوەکە لەتاو ئازار رایکرد و دارستانەکەی بەجێهێشت و دوورکەوتەوە.

هێلین و ســـارا، وەک مەیموونەکان هەڵدەپەڕین و دڵخۆش بوون و بوو بە قیژە قیژی خۆشی.





sara hawre

سارا هاوڕێ

# پەند لە پیرەپیاوێك




دەگێڕنەوە، پیاوێکی بەتەمەن رۆژێکیان لە نزیک ئاوێک دادەنیشێ، دەبینێ پیشلەیەک کەوتووەتە ئاوەکەوە و خەریکە دەخنکێ. پیرەپیاوەکە دەیەوێت پشیلەکە لە خنکان رزگار بکات، دەست دەبات دەریبهێنێ، بەڵام پشیلەکە چڕنووکێکی توند لە پیاوەکە دەگرێ و ئازاری زۆری پێ دەگەیەنێت. دوای تۆزێک، دووبارە دەگەڕێتەوە و دەست بۆ پشیلەکە دەباتەوە تا دەریبهێنێ، بەهەمان شێوە پشیلەکە چڕنووکێکی توند لە پیاوەکە دەگرێ. پیاوەکە لەتاو ئازار هاوار دەکات و دەستی دەگێڕێتەوە.



کوڕێکی مێردمنداڵ ئەم دیمەنە دەبینێ و بە پیاوەکە دەڵێ «بۆ وازی لێ ناهێنی، با بخنکێ، تۆ دەتەوێ رزگاری بکەیت، بەڵام ئەو هەر چڕنووکت لێ دەگرێت».

بۆ جاری سـێیەم، دیسانەوە پیرەپیاو دەسـتی بۆ پشیلەکە درێژ دەکات و ئەم جارەیان رزگاری دەکات. پیرە پیاو دەچێتە لای کوڕە گەنجەکە و پێی دەڵێ «کوڕم، سروشـتی پشـیلە ئەوەیە چڕنووک بگرێ و رەوشـتی منیش؛ هاوکاری و بەزەییە، بۆیە من رەوشـتی خۆم بۆ پشیلە ناگۆڕم و واز لە هاوکاری و بەزەیی ناهێنم».








# چۆلەکە و قەلەڕەش

ڕۆژێک لە ڕۆژان، قەلەڕەشێکی دڵڕەق، هێلانەی چۆلەکەیەکی داگیرکرد و چۆلەکەکەی دەرکرد. چۆلەکە داماوەکە بە ناچاری هێلانەکەی خۆی بەجێهێشت و بە غەمبارییی دەگەڕا بەدوای شوێنێک هێلانەی تیادا دروست بکاتەوە.

بولبولێک بەمەی زانی، چوو بۆ لای چۆلەکەکە و پێی وت «ئەمەت بۆ کرد و هێلانەکەت جێهێشت». چۆلەکەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی «چی بکەم؟ قەلەڕەش لە من بەهێزترە». بولبولەکە







وتی «بەڵام ١٠ چۆلەکە لە قەلەڕەشەکە بەهێزترن!».

رۆژی دواتر، بە دەیان چۆلەکە بەیەکەوە پەلاماری قەلەڕەشەکەیان دا و لە هێلانەی چۆلەکەکە دەریانکرد، ئیتر رۆیشت و نەیوێرا جارێکی تر بگەڕێتەوە.

ئەم چیرۆکە، بۆمان دەردەخات کە هێز لە یەکگرتووییدایە.





# چۆلەکە و قەلەباچکە

هەبوو نەبوو، قەلەباچکەیەک هەبوو، گەشتی زۆری دەکرد. جارێک لە جاران کە گەڕایەوە بۆ ناوچەکەی خۆی، بڕیاریدا هاوڕێکانی بۆ نانی نیوەڕۆ بانگهێشت بکات.

هاوڕێکانی: (کەروێشک، سمۆرە، قاز، کوندەپەپوو، چۆلەکە) بوون، یارمەتیی قەلەباچکەکەیان دا لە ئامادەکردنی خواردنەکاندا، تەنها چۆلەکەکە نەبێ تەمبەڵ بوو و هەر دانیشتبوو. کاتی نانخواردن، قەلەباچکەکە نەیهێشت چۆلەکەکە نان بخوات لەگەڵیان و پێی وت «نە دارت هێنا، نە ئاگرت کردەوە و نە قاپەکانت ئامادە کرد، ئیتر چۆن داوای خواردن دەکەیت!؟» چۆلەکەکە زۆر غەمبار بوو، بڕیاریدا ئەمە ببێ بە وانەیەک بۆی؛ واز لە تەمبەڵیی بهێنێ و یارمەتی هاوڕێکانی بدات.





# سەگێکی چاوبرسی

دەگێڕنەوە؛ رۆژێک لە رۆژان، سەگێک پارچە گۆشتێکی لە یەکێک لە ماڵەکانی گوندێک دزی، بەخێرایی رایکرد تا کەس نەیگرێت. ماوەیەکی دوورودرێژ رایکرد بۆ ئەوەی بگاتە شوێنێ بەتەنها گۆشتەکە بخوات.

لە رێگە ئاوێکی بینی، کاتێ سەیری ئاوەکەی کرد؛ بینیی سەگێک پارچە گۆشتێکی بەدەمەوەیە، نەیزانی وێنەی خۆیەتی، لەتاو چاوبرسێتیی ویستی پەلاماری گۆشتی دەمی سەگەکە بدات، گۆشتەکەی خۆی لە دەم کەوتە خوارەوە و ئاوەکە بردی. سەگە چاوچنۆکەکە ویستی گۆشتەکەی خۆی بهێنێتەوە، بەڵام نەیتوانی و بەهۆی چاوچنۆکییەوە لە دەستیچوو.






Helen